حیاک یا ابو قوباد
یحتضنک بغداد!
2005-4-8 سوێد




## ئاگرە سوورە لە هەرێم دوورە

- فرمێسکەکانم مرواری ئاسا، لە سەر گۆناکانم قەتیس، نەمسڕینەوە، بۆ بیانسڕمەوە؟... پیرۆزبێت لە کورد، پۆستی سەرکردەیی، سەرکردەی وڵاتێکی عەرەبی ئیسلامی، هەندێک بە فرمێسکە ووشە پیرۆزباییان کرد!

سەڵاحەدینی ئەیوبیش تا جەزائیر، دەسەڵاتی بری دەکرد، ئێستا عەرەبەکان ، بۆ سودی خۆیان نەبێت باسی ناکەن. دەڵێن خاتو بەنازیر بۆتۆی سەرەک وەزیری جارانی پاکستان، دوورەگ بوو ، بۆنی کوردی لێوە دەهات، ئەفسەرەکانی سوپای تورکیا، کە سنوری وڵاتی تورکیایان گەیاندە ئەوروپا، تاقمێکیان کوردبوون. لە سەردەمی ڕژێمە فاشستەکەی سەدامدا، دەها هەزار کوردی سیخور و جاش هەبوون، بێجگە(حیاک یا ابو حلا) لە ئاست کارەساتی ئەنفال، یەک فەوجیان هەڵنەهات، مێرخاسانە، کوردستانیان تاڵان کرد.

من ئەو کاتە فرمێسکی شادیم ڕشت، کە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لە شاری کەرکوک هەڵکرا، کە پەیکەرەکی سەدام ، وورد و خاش بوو. من کاتێک جەژنمە، کە ئاڵای عێراق، چێتر لە کوردستان نەبینمەوە.

دوێنێکی نیزیک بوو، باسی کوردستان و سوپای ئیحتلالی عێراق، بۆ ساتێکیش، شەپۆلی ڕادیۆکانی بەجێ نەدهێشت، کە لە چیاکانی کوردستانەوە، پەخش دەکرا.
ئەمڕۆ باسی باڵۆرەی، یەکگرتنەوەی خاکی باشوری کوردستانە، لە گەڵ خاکی نەتەوەیەک، کە هەشتا و سێ ساڵە، بەبێ خواست، بە زۆرە ملێ،داگیری کردوین. ئەم دەست کەوتەی ئەمڕۆ، خۆزگەیەکی دێرینە، ئەگەر دەنگی شۆڕشی عێراقتان لە بیربێت، ئاواتەکەی هاتە دی.

شایلۆغانی چیبکەین، بۆ هەڵپەڕین، کە تا ئێستاش، عەرەبێکی سەرەکردە، داوای لێبوردنی لە گەلی کوردمان نەکردووە. تەنانەت لە ڕۆژی کارەساتی هەڵەبجە، بۆ ساتێکیش ئاڵای شومی عیراق، نەهێنرایە خوارێ؟
باشورەکەم هێشتا دووبەشە، ئەگەر دەبەشیش نەبێ، کەچی سەرکردەکانی کورد، ماراتونی پاراستن و یەکگرتنەوەی خاکی عێراق دەکەن.
**مام جەلا**، لە بری سووربون لە سەر کوردستانی بوونی کەرکوک، لە ژێر پەردەی برایەتییدا، ئەو کێشەیەی خستوەتە ئەستۆی کوردەکانی کەرکوک. وا هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش، کە دایکانی کورد، بەخوێنیان بەرهەمیان هێناوە، دەکاتە حەسحەسی سنور و تێکەڵی سوپای قەعقایان دەکات، دوودڵیشە لە سزادانی سەدام. **طالباني لـ«الشرق الاوسط» :لا أعرف كيف سأتصرف اذا صدر حكم بإعدام صدام وفيما يخص كركوك قال انها «مدينة التآخي، مدينة العرب والكرد والتركمان، واهلها هم الذين يقررون مصيرها»، مشيرا الى ان قوات البيشمركة «تابعة للقوات العراقية، وقسم منهم للشرطة، وهي تحت تصرف القيادة العامة للقوات العراقية.« 10-4-2005.**
من چونکە خۆم بەعیراقی نابینم، پاراستنی خاکی عەرەب و ئیسلام بە ئەرکی خۆم نازانم، تیکە تیکە بوونیشی ، تاوانی من نییە، لێ ئەمجارە، فەریکە هاوڵاتیش نین.

پەرلەمانی نەتەوەکەم، بەدەستی دوو زلهێزە، چەندان ساڵە ئیکسپایەربووە. شەقامی کوردی، لە بەر پەرۆی زەرد و سەوز، وەکو پیرەدارێکی (شەخس) ی لێهاتوە، هاکا ڕەشەبای عیراقی بەناو مەحەبە، گەردەلولی ئەنفالی هەڵکردوە و ئەو دارەی لە ڕەگەوە هەڵکێشا.

کامە تۆڵەی شەهیدانە، کە ئەنفالچی و پیاوخراپ، لە جاران باشتر تەراتێنیانە؟ کامەیە هەنگوینی بە ختەوەری، کە دەمی منداڵانی کوردی شیرن کردووە؟
من هەڵوێست لە سەنگەری سۆزەوە ناگرم، بۆیە بە ئاسانی، بە دەنگی دەهۆڵێکی دەڵب هەڵپەڕینم نایێت. دڵیشم بۆ دیتنی شاری کۆنە بەغدا لێ نادات، چاویشم پێدەشتەکانی خوار حەمرین نابینێت.
لە کۆتاییدا، دەڵێم ئۆخەی کە بۆ نۆمانگیش کوردێکی سەرکردە، لە منداڵدانی عیراقێکی ڕزیودا، سەرکردەیە، کێ دەزانێت، ئەگەر وا نەبوایە، ئەم بەهارەشمان دەبووە سوورە ئاگرێکی دووبەرەکی و چزەمانی لێ هەڵ دەستاند.